عێراق دەبێت لەگەڵ تورکیا ڕێکبکەوێت و بوونی پێکەکە لە هەرێمی کوردستان کۆتایی پێبهێنن

پێشوا هەورامانی، گوتەبێژی حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرمی کورستان لەچاوپێکەوتنێکی لە بەرنامەی تارگەتی کەناڵ8 گوتی، ”پێویستە لەسەر پێکەکە پاساو نەداتە دەست تورکیا تاوێکو بەواتە ئەو گوندانەی کە هیچ پێیوەندییەکیان پێکەکەوە نییە“.

پارتی کرێکارانی کوردستان، بەگوتەی پێشوا هەورامانی "بووەتە هەی دەربەدەرکردنی خەڵکی هەرەمی کوردستان، ئەگەر تورکیا پاساوی پێکەکەی نەبێت نایەتە هەرەمی کوردستان".

گوتەبێژی حکومەتی هەرەمی کورستان باس لەوە دەکات، "پێویستە حکومەتی عێراق سەروەریی خاکەکەی بپارێزێت و ئەو گرووپانەی پاساویان داوەتە دەست تورکیا بکاتە دەرەوە"، ئەوەش بە ئاماژە بە پارتی کرێکارانی کوردستان.

پێشوا هەورامانی داوا لە حکومەتی عێراق دەکات، گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی تورکیادا بکەن و "بیانووی بوونی پێکەکە لە هەرەمی کوردستان کۆتایی پێبهێنن".

گوتەبێژی حکومەتی هەرەمی کوردستان دەڵێت، "پێویستە لە ناوچە سنووریەکانی هەرەمی کوردستان هەزکانی پێشمەرگە یاخود پاسوانی سنووری عێراق هەبن، تاوێکو سنووڕکانی هەرەمی کوردستان و عێراق نەبنە شوێنی یەکلاکردنەوەی کێشکان".